بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی عێراق و ئێران و پاکستان..شەمەری گەیشتە تاران

ئەمڕۆ دووشەممە وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شەمەری، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی عێراق، ئێران و پاکستان گەیشتە تاران.

هەنووسینگەی هاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ لە هاگەیەندراوەکدا باویکردووە "وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شەمەری و شاندی یاوەری لەسەر بانگهێشتی فەرمیی وەزیری ناوخۆی ئێران ئەسکەندەر مەمەنی بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی کۆماری عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران، و کۆماری ئیسلامی پاکستان، گەیشتنە تارانی پایتەختی ئێران، بۆ تاوتوێکردنی ئامادەکارییە بەردەوامەکان بۆ بەشداریکردنی سەرکۆتووانە لە یادی سەردانی چڵەی ماتەمینی ئیمام حوسێن (درودی خوای لەسەر بێت)".

هاماژەی بۆوشکرد، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا سەرجەم بابەتەکانی پەیوەست بە هاتن و هێشتنی سەردانکەران تاوتوێ کران، و بابەتەکانی پەیوەست بەم بابەتە گرنگە.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باس لە بەرزکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، نیشتەجێبوون، و پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش کرا".

هاماژەی بۆوشکرد، "لە کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەدا ژمارەیەک سەرکردە و ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆی عێراق و پارێزگای کەربەلا و ئەندامانی لیژنەکانی ئاسایش و خزمەتگوزاری ئامادەبوون،هەروەها باسێزی

وەتانی بەشداربوو ، و ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتکانی ئێران و پاکستانیش ئامادەبوون".

هاوزیری ناوخۆی ئێران "سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ حکومەت و گەلی عێراق دەربڕی بۆ پێشوازیکردن لە سەردانکەرانی چلەی ماتەمینی".

بەگوێرەی بەیاننامەکە، شەمەری جەختی لەوە کردووەتەوە کە "سەردانی چلەی ماتەمینی پرسەکی گرنگ لێنەوان ئەو وەتانەدا".